# ئەنجوومەنی نوێنەران دووشەممە دانیشتنی خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک و هەردوو جێگرەکەی ئەنجام دەدات



ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وادەی یەکەم کۆبونەوەی پەرلەمانی دیاریکرد و سەرجەم کاندیدە سەرکەوتوەکانی بۆ کۆبونەوەکە بانگهێشت کرد.

بەگوێرەی نوسراوێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە دو خاڵی سەرەکی لەخۆدەگرێت یەکەمیان، سوێندی خواردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانە، دوەمیش هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و جێگرەکانیەتی.

سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق لە سەرۆکی پەرلەمان و دو جێگر پێکدێت، یەکەم و دوەم، کە سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی یاسادانان و ڕێکخستنی کارەکانی پەرلەمان دەکەن، بەپێی نەریتە سیاسیەکانی دوای ساڵی 2003ەوە، سەرۆکی پەرلەمان بۆ پێکهاتەی سوننە و جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان بۆ شیعەکان و جێگری دوەمی سەرۆکی پەرلەمان بۆ کورد تەرخان دەکرێت.